## وەڵامێک بۆ زۆزک بەرزنجی. . . ! ڕێباز گورجی

لە سایتی کوردستان پۆست دا، هەندێ قسەی هەلەق و مەلەق بڵاوکراوەتەوە، بە ناوێکی خوازراوی وەك (زۆزك بەرزنجی) یەوە (ئاڤا هیچی لە عودەی کەمتر نی یە) ، کەسێك نەزانێ ئەم (ئاڤا) یە وەك زۆزك دەڵێ شیك پۆشە، دەبێت چی بێت و چۆن بێت و چی کردبێت. . . ؟ بەلامەوە سەیرە ئەم سایدە کوردیانە تەنها بۆ ناوزڕان و ناشرین کردنی شۆڕشی کورد و سەرکردەکانی و ماڵ و منداڵیان خۆیان مەرەخەس کردووە. بەڵام بەلامەوە سەیر نی یە، ئەحفادەکانی دەست و پێوەندی بەعس و جیش الشعبی و جاش خەفیفە و قوە تەواری و الی اخرە، ئەمڕۆ ئەوانیش زمانیان گرتووە، چونکە لاشە تۆپیو و کەلاکانی باوکیانیان لە ئەمنە سوورەکە و حەتین و توپیو عوسمان دا بە چاوی خۆیان بینی، هەرگیز بیریان ناچێتەوە. ئەوانە هەر دوای ڕاپەڕین زمانیان گرتوو لە ڕۆژنامە زەردەکانی بەغدا دا (پاشکۆی ڕوو ڕەشی عێراق و ئاسۆ و بزاڤی موخابەرات و هاوکاری) ئەوسادا، نمونەی ئەم زۆزك بەرزنجی یە ئەو کاتە ناوی ئاڤایان نەدەزانی، بەڵام بە ئەنواع شێوە دەڕشانەوە، چونکە ئەوسا ئاڤا منداڵێکی زیت و زیرەك و وریای 9 ساڵانەی پێشمەرگەیەکی شاخی تازە گەڕاوە بوو، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ باوك و دایکی دا تووشی دەربەدەری و ترس و ڕاکردن و خۆشاردنەوە ببوو، لە ئاوارەیشدا بە نەبوونی و ڕەزالەت ژیاون ئەو سێ ساڵەی شاری سەقز کە بە فارسی خوێندویەتی هەر یەکەمی پۆلەکەی خۆی بووە، ئەو کات باوکی پێشمەرگەیەکی پەناهەندە بووە، سەرۆکی حکومەت نەبووە.

ئاڤا ئێستا تەنها کچی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبێك و سەرۆکی حکومەتی دەڤەرێك نییە، باوکی پێش ئەوەی ببێت بە پێشمەرگە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئەندازیارێکی زیرەك و سەرکەوتوو بووە، دایکیشی مودەریسەیەکی زیرەك و سەرکەوتوو خۆشەویستی ناو هاوڕێ و خوێندکارەکانی بووە. کەسیان سەربازێکی هەڵهاتووی فاشیل نەبوون، لە ترسا چووبێتنە دەرەوە، هەر بە جیناتیش بێت ئەم خێزانە هەموو مام و خاڵ و پورەکانیشی کەسانی زیرەك و سەرکەوتوو بوون لە خوێندن و ژیانی ڕۆژانەیاندا.

کوڕان و کچان و ئەحفادەکانی قادسیە و جیش الشعبی و ڕەفیق حیزبی یە فاشیلە کورد فرۆشەکان، چۆن لە ڕۆژنامە ڕوو زەردەکانی ئەوسای بەعسدا، لە سەرەتای ڕاپەڕیندا ناوناتۆرەیان لە سەرکردە کوردەکان دەنا، بەمیان دەگووت ئال فەتاح و بەویتریان دەگووت فلان لووتە و هەتا دووایی، سەری بڵندی هاوڕێکانی شەهید شەهاب و ئارام و ڕیشە، بەم جاش قەڵەمانە نەوی نابێت، هەمیشە سەگە بە مانگەشەو دەوەڕێت.